تارمایی یار … بۆتان لەتیف عەبدولقادر(پایان)

لەقوڵایی ساتی شەوێ
من زیندووم وشەپۆلە تارەکان دەبڕم!…
یەعقوب ئاسا نیگەرانم..
ئەزانن خۆ شاگەشکەییم بۆ شەو نیە؟!
تامەزرۆی دیتنی یارم
هەموو جارێ لەدوورەوە
تارمایی ئەو هەست پێ دەکەم

هەروەك یوسف و زولەیخا
تابلۆمان هەنگی شەوە
هەناوی شەو نرخی نوری یار دەردەخاو
وادەزانم تازە ژیان دەست پێ دەکەم..

لەم قەیرانی بێ بەزەییە
تنۆکی بارانیش زیزە!
هەور بەم هەنگە نارنجیە
گۆنا پرتەقاڵیەکەی زەویی لێ ونەو
دەست لەملانی زستانێکی هەنگ پایزی
لەباوەشی ئاسمان ئیزە

ئازیزەکەم..
ئازارەکەم تویکڵی ئاوازی ئارەزوە
ئارەزووێ بێ ئازادی..
بێ باخی یار، بێ پێ دادی..

لەم شەو ڕۆیەم
هاوشانی ماە لەگوزەراین بەناخی ئاخ!
بەناخی شەو کەتاریکیە
تا ئەگەینە کەناری یار !
لەوێ لە ئامێزی باخێ
بەفرمێسکی پرتەقاڵ و
لێوەلەرزەی سێوو خۆخێ، ئەبین بەداخ !

دوای ئەوەی کە ڕوو لەڕووگە ڕاکشام و
زانیم سێبەری ژوور سەرم هی یەزدانە؛
یەکسەر لەپێناوی خەونێ نوستم!..
خەون گریانە…
خەزانە…
بێ ئاگایی ودابڕانە…
دەستێکم نا بەبەردەکەی سەر سینگمەوەو
هەڵسامەوە
دیتم ئەقەیێ دانراوە بێ ئەنگوستم!
بۆتان لەتیف عەبدولقادر(پـــــایـــــان)
هەولێر _ ڕاپەڕین
10/10/2010 یەك شەممە